

# ئامێرێك بۆ دەستكاری كردنی وێنە و ڤیدیۆ

پرۆگرامەکانی تایبەت بە دەستکاری کردنی وێنە وەك لایت ڕۆم و فۆتۆشۆپ یا پرۆگرامەکانی تایبەت بە دەستکاری کردنی فیلم وەك پرۆگرامی پرێمیر و هاوشێوەکانی، هەمیشە لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە کۆنترۆڵ کراون. واتە ئەگەر نیازت هەبێ وێنەیەك دەستکاری بکەی هەر لە خودی پرۆگرامەکەدا ئەرکەکە ئەنجام دەدەی. بەڵام ئێستاکە ئامێرێك بەناوی Creative Tool بەرهەم هاتووە، کە هەروەك لە وێنەکەدا دیارە پڕە لەو دوگمەی تایبەت کە هەرکام لەوانە ئەرکێك یا چەندین ئەرك ئەنجام دەدەن.

کارکردن بە پرۆگرامەکە وا دەکات کاری گرافیك و مونتاژی فیلم زۆر ئاسان بێت. بە ئامێرەکە بە ویستی خۆت دوگمەکان بۆ هەر ئەرکێك کە مەبەستە دایبنێی.

لە بەشی ناوەندی ئامێرەکەدا شاشەیەکی بازنەیی هەیە کە دوو ئەرك ئەنجام دەدات، وەك شاشەیەکی لەمسی بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەمووی پرۆگرامەکە، واتە وەك ماوسێك. هەروەها بۆ ڕێکخستنی ڕەنگی وێنەکان و ئەرکی دیکەش..



# لە هەر شوێنێکی جیهان بی ئەنتەرنێت دەبێ

کاتێك لە وڵاتێكەوە دەچی بۆ وڵاتێكی دیكە، ناچاری یا سیم کارتی ئەو وڵاتە بەکار بێنی، یا لە شوێنێك بی کە لە بۆ سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە وای-فای سوود وەربگری..

ئەگەر سیمکارتی وڵاتەکەی خۆت بۆ وڵاتێکی دیکە بەری لەوێ تێچووکەی چەند بەرابەر زیاد دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە تۆڕی مۆبایلی وڵاتەکەت لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچێ ڕۆمینگی نەبێت. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە.. دەکرێت ئامێری tern 4G بەکار بێنی. ئامێرێك لە هەموو شوێنێکی جیهان بە نرخێکی گونجاو ئینتەرنێتت بۆ دەستەبەر دەکا.

دەکرێت لە یەك کاتدا ٨ ئامێری دیکەش لێی سوودمەند بن. واتە بنەماڵەیەك لە گەشت کردندا دەتوانن سوودی لێوەربگرن. نرخی ئینتەرنێتی ئامێرەکەش بە بەراورد بە زۆر هێڵی دیکە هەرزانترە، لە ڕۆژێکدا دۆلارێك زیاتر یا کەمترە.. لەگەڵ هەموو سیستەمێکیش دەگونجێت، جگە لەوەش خێرایی ئینتەرنێتەکەشی گونجاوە. شەحن دەکرێتەوە و هەتا ماوەیەکی زۆر شەحنی دانابەزێت..

# کەی پادێک بە دوگمەی بەرجەستەوە



کەی پاد (keypad) چ ئامێرێکە و بە چ مەبەستێك سوودی لێوەردەگیردرێ؟ کەی پاد یا دۆشەکچەی دوگمە، بەو ئامێرە دەگوترێ کە بەمەبەستی یاریکردنی ئەلکترۆنی لەبری دسکی گەیم، یا ماوس بەکار دێت. Keypad کیبۆردێکی بچووکە، هەمووی لە چەند دوگمەیەك پێکهاتووە.

کۆمپانیای ڕێزەر کە ناسراوترین کۆمپانیای بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تایبەت بەگەیمە، لەم ماوەیەدا کەی پادی جۆری Tarlarus pro ی بەرهەم هێنا، ئەم کەیپادە دوگمەکانی بەرجەستە و ئیپتیکالین.

فەرمانەکان بەپێی ئەو زەختەی دەیخەیە سەر دوگمەکان ئەنجام دەدرێن. بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێ گۆڕانکاری بەسەر دوگمەکاندا بکا. کەیپادی ناوبراو ٣٢ دوگمەی هەیە، لەگەڵ گۆیەك بۆ پەنجەی گەورە. هەشت پرۆفایلی جیاوازی تێدایە کە بە دوگمەی لاتەنیشتی کەی پەدەکە بەخێرایی دەتوانی لە پرۆفایلەکە بچی بۆ یەکێکی دیکە.



## دۆشکچەیەکی تایبەتی ماوس

دۆشکچەی ماوس (pad mouse) بەو پارچەیە دەگوترێت کە دەخرێتە ژێر ماوس بۆ ئەوەی کە پیس نەبێت و لە کاتی کارکردندا نەخزێت. بە زۆری دۆشکچە ماوسەکان پارچەیەکی ئیسفەنجی یا چەرمین.

لەم ڕۆژانەدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ئامێری تەکنەلۆژیای نوێ دۆشکچەیەکی ماوسی بەرهەم هێناوە کە هەم ماوسەکەی لەسەر دادەنرێ و هەم دەکرێت مۆبایل شەحن بکاتەوە.

دۆشکچەکە بە جۆری Pennline Deskmo ناسراوە و لە چەرم دروستکراوە. کێشی کەمە، جگە لەوەی کە ماوسی لەسەر دادەنرێ دەکرێت ماوسیش سوودی لێوەربگرێ و شوێنی تۆچ پەد دەگرێتەوە.



# یەکەم مۆبایلی زیرەکی شاشە چەماوە

سامسۆنگ و هواوی و ئێل جی رایانگەیاندووە کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا مۆبایلە چەماوەکانی خۆیان ئەوەی کە وەك کاغەز دەنوشتێتەوە رەوانەی بازارِ بکەن، بەڵام کۆمپانیایەکی چینی دەستپێشخەری کردووە و بەر لەوان مۆبایلی جۆری Royole FlexPai خستە بازارِەوە.

مۆبایلە چەماوەکان، بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئەو مۆبایلانەی کە وەك دەفتەری بچووك دەچن و دەکرێت شاشەکەیان بنوشتێتەوە، رەنگە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بکەونە بازار. تەنیا خاڵێکی بە سوود لەو مۆبایلانەدا هەیە کە شاشەکە دەبێتە دوو قات و مەودای بینین بۆ بەکارهێنەر زیاتر دەبێت.

مۆبایلی ناوبراو دەکرێت هەزاران جار بنووشترێتەوەو کێشە بۆ مۆبایلەکە دروست نەبێت. مۆبایلەکە کاتی نووشتانەوەی دەبێتە سێ شاشە، یەکێك لە پێشەوە و یەکێك لە پێشتەوە یەکێکی بچووك لە لێوارەکەی.

شاشەی مۆبایلەکە ٨,٧ ئینجە, کوالیتی نیشاندانی زۆر لەسەرێیە. رامەکەی ٨ گیگابایتە. میمۆرییەکەی ١٢٨ هەتا ٥١٢ گیگابایتە. کامێرای پشتەوەی ٢٠ میگا و ئەوەی پێشەوەی ١٦ میگایە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت بۆچی نابێت شەو تا بەیان مۆبایل لەسەر شەحن بێ، چ زیانێکی هەیە؟**

خوێنەری بەرێز ئەو قسەیەی کە دەگوترا نابێ شەو تا بەیان لەسەر شەحن بێ، پەیوەندی بە مۆبایلە کۆنەکانەوە هەیە کە باترییەکەیان جۆری لیتیۆم نەبوو، ئەگینا لە مۆبایلە زیرەکەکانی ئەم سەردەمەدا هیچ کێشەیەك نییە. ئەگەر سەرنجت دابێتێ کاتێك مۆبایلێکی نوێ دەکرِی، فرۆشیار داوات لێدەکا کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لە شەحن دابێ، کە ئەمەش هەڵەیە و دروست نیە، مۆبایلێکی نوێ بۆ شەحنکردنەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ مۆبایلێك کە ماوەیەکە کار دەکا، ئەوەش هەر پەیوەندی بە مۆبایلە کۆنەکانەوە هەبوو کە دەبوایە بۆ یەکەمجار چەند کاتژمێرێك مۆبایل شەحن کرابایەوە..

# ویندۆزی تایبەت بە منداڵان

جیهانی منداڵان لە کۆمپیوتەری و دونیای مەجازیشدا جیاوازی هەیە لەگەڵ هی گەورە ساڵان، پرۆگرامەکانیان، یارییەکانیان، ئامێرەکانیان لەگەڵ هی گەورەکان جیاوازی هەیە.

سیستەمی ویندۆزی کۆمپیوتەر زۆرتر بۆ گەورەکانە، هەرچەندە دەکرێت پرۆگرامی منداڵانیشی لەسەر دابندرێ، بەڵام هەرچۆنێك بێ خودی ویندۆزەکە زۆرتر بۆ گەورەکانە.

پرۆگرامێك هەیە بەناوی Magic Desktop Premium کە دیسکتۆپێکی تەواو بۆ جیهانی منداڵان لەسەر کۆمپیوتەر دەستەبەردەکا. ئەو رەنگەکانەی لەو ویندۆزەدا هەیە رەنگی شادن و لەگەڵ منداڵان دەگونجێن. لەم ویندۆزەدا گەیشتن بە مینۆ و فەرمانەکان ئاسانتر و سەرنج راکێشترن.

بەرێوەبەرانی منداڵ چ دایك و باوك بێ یا بەخێوکەری دیکە دەتوانن کۆنترۆڵی تەواوی منداڵەکانیان لەو ویندۆزەدا بکەن. ئەو وێبگەرِانەی لەو ویندۆزەدا هەن تایبەتی منداڵان و بەدوادا گەرِانەکانیش هەر بابەتی تایبەت بەمنداڵان دەدۆزێتەوە، تەنانەت یوتیوبەکەشی هی منداڵانە.

بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- فێربوونی خێرای زمانی ئینگلیزی و کارکردن بە سیستەمی کۆمپیوتەر.
- فێربوونی بیرکاری بە شێوازێکی ئاسان.
- کارکردن بە ویندۆز بۆ منداڵان.
- سنووردارکردنی سایتەکان.
- پرۆگرامی وێنەکێشان بۆ منداڵان.



# پلاکە زیرەکەکان پێویستییەکی سەردەم




سیستەمی کارەبا لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەك چۆن زۆربەی ئامێرەکان زیرەك و هۆشمەندن، پلاکەکانی کارەباش زیرەك دەبن. بەو مانایە کە هیچ کات بەهۆی بەرز و نزمی کارەباوە ئامێرەکان کێشەیان بۆ نایەتە پێش.

پلاکە زیرەکەکان سیستەمی وای-فایان لەگەڵدایە، بۆ نموونە پلاکی زیرەکی Gosund Smart Plug ئەم پلاکە کاتێك لە ماڵەوەش نەبی دەتوانی لە ڕێگای مۆبایلەکەتەوەو بەهۆی پرۆگرامی gosund کۆنترۆڵی ئامێرەکانی ماڵەوە بکەی. بۆ نموونە بەر لەگەیشتنی ماڵەوە سەماوەرە کارەباییەکە پێ بکەی بۆ ئەوەی هەر گەیشتیەوە ئاوی گەرم هەبێ. یا سپلیت و ئامێرە ساردکەرەوەکانی دیکە پێ بکەی یا ئامێرە گەرمکەرەوەکان.

ئەگەر لە گەشت و گەڕان بووی لەسەر مۆبایلەکەت ببینی ئایا تەلەڤزیۆنەکەت کوژاندۆتەوە، یا گلۆپی چ ژوورێك هەڵکراون. بەگشتی کارئاسانییەکی زۆر دەکەن، ڕەنگە بۆ ئەو هەرێمەیەی ئێمە ئەرکێکی دیکەشی پێوە زیاد بێ لە دەرەوەش ڕا بزانی کارەباکەت کارەبای سەرەکییە یا هی موەلیدەیە.

پلاکە زیرەکەکان لەگەڵ هەردوو جۆری سیستەمی مۆبایل واتە ئەندرۆید و ios دەگونجێت.



## ماڵپەڕێک بۆ دۆزینەوەی مۆبایل

هەرکام لەوانەی مۆبایل بەکار دەهێنن، ڕەنگە جارێك یا چەند جار مۆبایلەکەیان ون کردبێ. بەهۆی ئەوەی کە بەکارهێنەرانی مۆبایل کەمتر شارەزای ئەوەن کە بتوانن هەر بەهۆی خودی مۆبایلەکەوە شوێنی مۆبایلەکەیان بدۆزنەوە، تووشی کێشە دەبن.

زۆر پرۆگرام و ئاپی مۆبایل هەیە کە ئەو هەلەت بۆ دەرەخسێنێ کە ئەگەر مۆبایلەکەشت بزر کرد بە ئاسانی بیدۆزیەوە. تەنانەت خودی گوگلیش پرۆگرامی find my device ی لەسەر سیستەمی ئەندرۆید داناوە کە بە ئاسانی مۆبایلەکەت بدۆزیەوە، ئەگەر هەر پێت نەکرا لە دوورە ئەوەی تێیدایە بیسڕیەوە..

ماڵپەڕی Life360 یەکێکە لەو ماڵپەڕانەی تایبەت بەدۆزینەوەی مۆبایل، لەسەرەتادا دەبێ لەو ماڵپەڕەدا خۆت تۆمار کردبێ، لەو ماڵپەڕەدا تەنانەت دەتوانی مۆبایل و تەبلێتی ئەندامانی ماڵەوەش ببینی کە لە چ شوێنێکن. ئەگەر مۆبایلەکەت ون بوو، سەر لە هەژماری خۆت لە ماڵپەڕەکە بدە و شوێنی مۆبایلەکەت دەبینیەوە.

# ناردنی کورتە پەیام بەبێ تۆڕی مۆبایل

بۆ ئەوەی کە لە مۆبایلەکەت سوود وەربگری، پێویست دەکا لە یەکێك لە تۆڕەکانی مۆبایلدا بەشدار بی، بەبێ تۆڕی مۆبایل ناتوانی هیچ پەیوەندییەك دانامەزرێ، مەگەر لە ڕێگای وای-فایەوە..

تۆڕی مۆبایل لە هەموو شوێنێك وەك یەك نییە و دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی تۆڕ. ئەگەر بۆ شوێنە دوورەدەستەکان وەك چیاو دارستانەکان دەڕۆی تۆڕی مۆبایل نامێنێ.

ئامێرێکی تایبەت بە ناوی satPaq کە وەك سێڵێکی وەرگری سەتەلایت دەچێ بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە. ئەم ئامێرە بچووکە ئەو هەلە دەڕەخسێنێ بەبێ تۆڕی مۆبایل یا ئینتەرنێت پەیام بۆ مۆبایلێکی دیکە بەڕێ بکەی.. لە هەر شوێنێك ئاسمان دیار بێ دەتوانی پەیامەکان بنێری.

چۆنییەتی کارکردنی ئەم ئامێرە وەك مۆبایلی سوڕەیای پێشوو دەچێت و لە سەتەلایتەوە پەیامەکان بەڕێ دەکرێن، بۆیە دەبێت مانگانە یان بەپێی ڕێژەی پەیامەکان نرخێکی بۆ دیاری کراوە.

